# پانۆرامای حکومەتی کوردی ..!

## کەمال ڕەئوف

سەردەمانێك لەشاخ لەناو یەکێتی نیشتمانیدا هەموو ئەوکەسانە چەك جل و جامەنەکران کە بیرۆکەی عێراقچێتی و داش عێراقیان هەبوو , گرفتی ئەوکاتەی ناو یەنەکە تەنها ئەوەبوو کەخۆیان پابکەنەوە لە و بیرو بۆچوونە زیانبارو کوشندەیە , عێراقچیەکان پێیان وابوو کێشەی کورد دابڕاو نیە لەخەڵکی عێراق بەگشتی و چۆنیەتی بیرکردنەوەو مامەڵەکردنی دەسەلاتی مەرکەزی لەگەڵ تەواوی خەڵکی عێراق, کوردستانیەکانیش لایان وابوو لەسیاسەتدا ساتە وەختێك هەبێت تەنانەت لەگەڵ سەددامیش بگەنە ڕێککەوتنی مێژوویی, هەربۆیە حیزبە کوردستانیەکان بەرەی کوردستانی ئەوکاتەیان دامەزراند, بەلاّم مەخابن هەموو قارەمانەکانی ناو ئەو بەرە کوردستانیەی ئەوسا ئیستا هێندەی خەریکی ڕێکخستن و ئاشتکردنەوەی عەشایرو هۆزە عەرەبیەکانن لە پایتەخت هێندەخەریکی کێشە کوردیەکان نین لەمەرکەز.

کاتێك دراو وپەردووی بەرەی کوردستانی بەرەو لەیەکترازان چوو ئیتر تەوافق و شەراکەتی حیزبایەتی ناو بەرە بەرەو فەنابوون مللی نا , هەر لەیەکەم هەڵبژاردنی سەرتاسەریدا بەگوێرەی ڕێکەوتن و تەوافقی تازە حکومەتی ساوایی کوردی بەسەر یەکێتی و پارتیدا پەنجا بە پەنجا دابەشکرا, ئەوکاتە گرفت و کێشەکان تەنها لەدەوری پەکەکە ئالأبوو بۆیە بۆ پارێزگاری لەحکومەتی ساوای کوردی و ڕازیکردنی دڵی حکومەتی ترکی یەکەم بڕیاری شەڕی ئەوحکومەتە کوردییە جاری شەڕبوو لەدژی حیزبێکی کوردی.

کاتێك شەڕی حیزبی کۆنە یارەکانی ناوبەرەش هەڵگیرسا سەرەتا وەك مانۆڕی سەربازی پارتی بۆ حسك و یەکێتیش بۆ ئیسلامیەکان ئەوئاماژەو مژدە خۆشەیان بەگوێی خەڵکدادا کەوا شەڕێکی گەورەتر بەڕێوەیە و ئاکامەکەشی واکەوتەوە کە بۆ چەندین ساڵ شەڕو پەلاماردانی سەربازی لەنێوان پارتی و یەکێتیدا کەوتەوە ودوای ماندوو بوونی خۆشیان حکومەتی ناوچەکە نەما لەدژی یەکتر پەلکێشی شەڕەکەی نەکەن بەحکومەتی بەعسیشەوە, چیترحکومەتە ساواکەی خۆیان لەگەڵ ئاواتی و چاوەڕوانی خەڵك بەدەستی خۆیان نایە چاڵەوە, کاتێکش دەورانی جەنگی ساردی نەشەڕو نەئاشتی لەنێوان ئەو دووحیزبە بووە میوانی خەڵکی کوردستان و دووئیدارەو دووحکومەتیان دروستکرد ئیترچەکی ئابلۆقەی ئابوری و تەخریب وتالأنکردن و تەقینەوەو بڕانی کارەباو موچە بڕان و ڕێگەگرتن لە هاتوچووی هاولأتیان کرایە دیاری خەڵکی کوردستان.

ئیستاش دوای چەندین ساڵ لە دابڕان و شەڕو ماڵ وێرانی و زیانی گیانی خەڵی کوردستان وەلاّمی ئەو پرسیارەیان دەست نەکەوتەوە کە ئاخۆ کێ تاوانباربوو لەو شەڕەداو کێ لەسەر هەق بوو لەو ململانێی خوێناویەدا؟ یان بەجۆرێکی تر ئاخۆ ئەو شەڕە لەسەر چیی بوو وەبۆچی ڕوویداو قارەمانەکانی کێ بوون و ئێستا لەکوێن؟ لەوەش گرنگ تر ئاخۆ تۆ بڵێت لە شانسی ئێمە ئەومێژوو دووبارە ببێتەوە؟ ئەوە پرسیارێکە کە بۆ وەلاّمەکەی هەمووومان لێ دەترسین چوونکە ئیستاش هەرقارەمانەکانی شەڕی ناوخۆی ئەوکاتە قارەمانی ئاشی ئێستامانن.